# تازەگەری و وەهمەکانی

**نیهاد جامی**

تازەگەری چیە؟ ئاسۆکانی چین؟ ئایا ئێمە کۆمەڵگایەکین خاوەنی خاسیەتی تازەگەرین؟ ئەوکاتانەی بەدوای خاسیەت و دیاردەکانی تازەگەری بگەڕێین دەبێت لەو زەمینە کولتوریەوە نزیك بکەوینەوە بەوەی ئەو زەمەنە تاچەند توانای وەدەست کەوتنی شوناسی تازەگەری هەیە؟پرسیارکردن لەمانای ئەو چەمکە پرسیارکردنە لەو ئومێدەی لەناو کایە کۆمەلأیەتیەکان دلنیایی بەخۆی دەبەخشێت، بۆیە ئێمە لەڕێگەی پرسیارەوە دەمانەوێ پرسیارێکی تربکەین کە تازەگەری کوردیی چیە؟ ئاسۆکانی چین؟ ئەگەر تازەگەری لەبنەڕەتدا وابەستە بێت بەکۆی ئەو گوتارەی کە ڕابردوو لەبنەڕەتدا ڕەت بکاتەوەو تەکتەلۆژیا شوێنی مرۆڤ بگرێتەوە، ئەوا لەگەڵ دەرکەوتنی هەر دیاردەیەکی تازەگەری لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبێت گومان لەو تازەگەریە بکەین، چونکە تازە گەری کوردیی لەهیچ کاتێکدا ناتوانێ دەسبەرداری ڕابردوو بێت ڕابردوو ئەو وێنە فانتازیایە کە شوناسی کوردیی پێك دێنێت، کوردیی کارەکتەرێکە چەمکی پاڵەوان وابەستە دەکات بە ئاکاری خێڵەکی نەوەك ئاکاری مرۆڤی تازەگەر(مۆدێرنە)، مرۆڤی تازەگەر مرۆڤێکە توانی بانگەشە بۆکوشتنی یەزدان بکات، و لەڕێگەی توانا و ئیرادەی خۆشیەوە تەکنەلۆژیای هێنایە بوون، دوو تازەگەری بنیاتنا(تازەگەری ماددی) و(تازەگەری عەقلی) بەمانای چۆن تەلەڤزیۆن و چاپخانەی هێنا لەهەمان کاتدا جینۆساید و کیمیا بارانکردنی هیرۆشیماو هەڵەبجەشی لەناو خۆیدا هەڵگرتبوو، نازیەت و بەعسیزمی پێ بوو وەك چۆن گۆتەنبەرگ و کۆپەر نیکۆسیشی هێنا، بەلأم باپرسیارەکە بگوازینەوە ناو ئاستێکی تر ئایا ئێمە بڕوامان بە تازەگەری هەیە؟ ئایا کۆمەڵگایەکی تازەگەرین؟ ئێمە کاتێ سەیری مانا فەرهەنگیەکەی چەمکی تازەگەری دەکەین و بەراوردی دەکەین بە دیاردەکانی تازەگەری لەکۆمەڵگای کوردیدا تێدەگەین کە لەناو وەهمی تازەگەریداین نەوەك تازەگەربین، چونکە بونی زانکۆ و تەلەڤزیۆن دوو دیاردەی تازەگەرین بەلأم ئێمە لەناو دیاردە ڕووکەشەکانی تازەگەریداین، وەك چۆن سەیرکردنی تازەگەری کوردیی لەدەرکەوتن بە سیمای شارەکان نوقمبوونە لەناو وەهمی تازەگەری، ئەوە هەر لەئاستی کۆمەلأیەتی و فەرهەنگیەوە نیە بەڵکو گوتاری سیاسی بەشێکی سەرەکی لەو وەهمە بەردەکەوێت، کاتێ باس لەتازەگەری دەکات دەبینین ئەو لەناو هەناوی خێڵ و دووفاقیەتی ئاکاریەوە هاتووە، تاحەدی سەر ئێسقان شوناسی هێزێکی خێڵەکی هەیە، کەچی دەیەوێ بە تازەگەر بیناسین، ئەو کاتانەش دەبینین تازەگەری کوردیی لەهەموو ئاستەکاندا تازەگەریەکە لەناو وەهمدا دەژێت، فەنتازیاکانی تازەگەری دەسخەرۆی داوە ئەویش کۆمەڵگا دەسخەرۆ دەدات، بەلأم لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئێمە کۆمەڵگایەکی تازەگەر نین هەموو دیاردە کۆمەلأیەتیەکانمان ئاماژەن بۆ کۆمەڵگایەك کە بەدژی تازەگەری ئیش دەکەین، ئەوەش چەندە پەیوەندیی بە تێگەیشتنی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە کە ناتوانێ دەسبەرداری ڕابردوو بێت بەهەمان شێوەش مانەوە لەنێوان ئینتیما کردنی بۆ ڕابردوو لەپاڵ ئارەزوو کردن لەتازەگەری توشی

کۆمەڵگایەکی دووفاقی کردووە، ئەوەش تەنیا بۆ خەوشی ئەو کۆمەڵگایە ناگەڕێتەوە هێندەی پەیوەندیی بەو ڕاستیەوە هەیە ئێمە ناتوانین تا ئەو چرکە ساتە تازەگەری بەتەواویی قەبووڵ بکەین، وەك چۆن توانای ئەوەشمان نیە دەسبەرداری ڕابردوو بین، دەشمانەوێ لەبوونی دیاردەکانی تازەگەری بڕوا بەخۆمان بێنین کە ئێمە کۆمەڵگایەکی تازەگەر ین، بەڵام ئایا ئێمە لەناو وەهمی تازەگەریدا نین؟.

---

مافی بڵاو کردنەوەی ئەم بابەتە پارێزراوە لەلایەن خودی نووسەرەوە